## نامەیەکی کراوە بۆ : نووسەران وهونەرمەندانی بەڕێزی کورد

## کۆپییەکی نامەکە بۆ : بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ( ئیدارەی سلێمانی )

١٤ / ٨ / ٢٠٠٤ سلێمانی

لە : ( بەهات حەسیب قەرەداخی ) یەوە bahat2003@yahoo.com

*******************************************************************

پاش سلاو ...

بەڕێزتان ئاگادارن کە ماوەی چەند ساڵێکە وەزارەت و دەزگا رۆشنبیرییەکانی هەرێم ( ئیدارەی سلێمانی ) چەندین فێستیڤاڵ و کۆڕ و یاد و ئاهەنگی تایبەتی و رێزلێنانی لە بواری رۆشنبیریدا سازداوە و بەشداریش بووە لە چەندین فێستیڤاڵ وئاهەنگ و بۆنەدا لە دەرەوەی هەرێم ( بەتایبەت لە ئێراندا ) ئەوەش بە خاڵێکی پۆزەتیڤانە بۆیان تۆماردەکرێ .

### بەلام جێی سەرنج و پرسیار و نارەزاییشە کە :

لە پرس و ڕا پێکردن و بەسەرکردنەوە و بانگێشتکردن و سەفەر وگەشتدا، هەندێ ناو هەمیشە لەبەرچاو و دلانن! کەچی بە دەیان ناوی تر هەن کە جارێك و دوان و دە ،فەرامۆش دەکرێن و بۆ تەنیا جارێك بۆ ناوی سوێندیش بە دڵدا ناکەن ختوور !!

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ هەموویان ، بەلام تۆ بڵێی کورد تەنیا هەر ئەو چەند ( نووسەر و هونەرمەندەی هەبێت کە کورد وتەنی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ) وا بە بەردەوامی لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان و لە سەفەر و گەشتدان!؟

هەندێك لەو بەڕێزانە ئەوەندەی سەفەر وگەشتی ئەمدیو و ئەو دیوی کردووە ، لەمێژە بۆتە ناسیاوی پاسەوانەکانی سەر سنووری دەوڵەتانی دراوسێ !! ئێمەمانانیش ( بەناو رۆشنبیر و دنیا دیتەین !! ) وا تەمەنمان لەچل ترازا و تەمەنی نوسین و کاری هونەریشمان لە بیست و پێنج ساڵ بەرەو ژوورتر هەڵکشا !! کەچی تا ئێستا لە سنووری عێراق نەچوین بەو دیودا ( مەگەر بەئاوارەیی و بە رێگەی قاچاخ ! ).

### ئەی ئێمە چین و بەچیمان تێدەگەن !؟

ئایا لە کام بواردا و لە دارشتنی کام بڕیاردا ، پێش وەخت پرس و رایەك بە ئێمەمانان کراوە !؟

ئایا تاکەی بەم دابڕاوییە بمێنینەوە و دەروویەکمان لێنەکرێتەوە بە رووی دنیادا !؟

ئایا ئەو پێوەرە کامەیە کە ئێمەمانانی پێ دەپێورێن !؟ ئاخۆ ئەو فاکتەرانە چین کە رۆشنبیر لە لای کاربەدەست وبڕیار بەدەستی کورد خۆشەویست دەکات و وای لێدەکات هەمیشە لەبەردڵان بێت و ناوی لەژوور هەموو لیستە چەورەکانەوە بێت !؟

من بۆخۆم چەندین ساڵە لەو دابڕاوییەدا دەژێم و دڵنیام بەشێکی زۆری رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەندانی تری حیزبی ونا حیزبیش هەمان هەست و گلەیی و نارەزاییان هەیە و رۆژانە لەملاو لەولا دەریدەبڕن بەلام کەسێك نیە ئەوەندە سنگ فراوان و لەخۆ بردووبێت ، خۆی بکاتە خاوەنی و گوێ بۆ راز وگلەییەکانمان رابگرێت !

ڕەنگە بەرپرسانی حکومەت و وەزارەت ودەزگا رۆشنبیرییەکانی هەرێم، هەر ئەسڵەن بە خوێندەوار و رۆشنبیریشمان دانەنێن !؟ هیچ دوور نییە و هەموو شتێکیش رێی تێدەچێت !!! بەلام خۆ هەر خودی ئەو وەزارەت وحکومەتەیە کە ( بە پێزانینەوە ) ماوەی نزیك بە ساڵێکە رێزلێنانێکی مانگانەی بۆ گەلێکمان بڕیومەتەوە و دانی بەوەدا ناوە کە ئێمە لەو نووسەر و هونەرمەندانەین ، ماوەی بیست وپێنج ساڵ و پترە خزمەت بەنووسین و هونەر و رۆشنبیریی کوردی دەکەین !! کەوابێت هۆی چییە ئەم فەرامۆشی و جیاکاری وخەمساردی و بانێکە و دوو هەواییە !؟

لە ئاست ئەم واقیعە تاڵ و نادروستەدا ، من لەلایەن خۆمەوە گەیشتوومەتە بڕوایەك کە ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانییەوە ،بەناوی ( رێزلێنانەوە ) مانگانە بۆمان بڕاوەتەوە ، بەهۆی ئەو جوداکاری و فەرامۆشکارییەی چەندین نووسەر و هونەرمەندی ئەم ولاتەی گرتۆتەوە، هیچ مانایەکی راستەقینەی بۆ نەماوەتەوە و بۆتە جۆرێك لە جۆرەکانی :

### ( خێر و سەدەقە !! )

لەبەرئەوەش کە بەش بەحاڵی خۆم هێشتا نەگەیشتووم بەو ڕادەیەی خێر وسەدەقەم پێ بشێت ! بۆیە وا بەم نامە کراوەیە بە لایەنە پەیوەندیدارە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی رۆشنبیری دەڵێم :

**سوپاستان دەکەم ! تکایە چیتر ( ئەو رێزەم لێ مەنێن ) و ئەو بڕە پارەیەش پاشەکەوت بکەن بۆ خەرجیی سەفەر وگەشتی برادەران ! بڕواشم پێ بکەن نیمە ، ئەگەرنا بەقیستیش بوایە ئەوەی کە تا ئێستاش وەرم گرتووە ( بەکۆڵێ سوپاسەوە ) بۆتانم دەگێڕایەوە !**